# زاهیر ڕۆژبەیانی:

# کاتێک لە دەقێک تێناگەم هەستدەکەم کەموکوڕی لەمندایە نەک نووسەری دەقەکە!



دیداری: ئیدریس عەلی

نووسەرو ڕەخنەگر (زاهیر ڕۆژبەیانی) لە پانتایی ئەدەبیی کوردیدا ناوێکی دیارە، بەتایبەت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبییدا خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی بەپێزەو تا ئەندازەیەکی زۆر بە شێوەیەکی میتۆدیانە کار لەسەر چەمکو ڕەهەندەکانی ڕەخنە دەکاتو لەڕێگەی پڕۆسەی خوێندنەوەی بەردەوامەوە ئاگاییەکی باشی هەیە لەسەر ئەو تێکستە ئەدەبییانەی لێرەو لەوێ بڵاودەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش خاوەنی چەند کتێبێکی چاپکراوو کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی بەپێزە، جگە لەمەش (ڕۆژ بەیانی) چەندین جار پۆستی سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری وەرگرتووەو لە بواری کاری ڕۆژنامەوانیشدا شارەزایانە کاریکردووە.. ئەگەرچی ماوەیەک سەرقاڵی کاری سیاسییش بووە، بەڵام خۆی گوتەنی دڵنیابووە لەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان بەیەکجاری دەگەڕێتەوە بۆ لای ئەدەبو ژیانی خۆی بۆ کاری ئەدەبیو ڕۆشنبیری تەرخاندەکات.

**ئاینده: تۆ ئێستا ناوێکی دیاری دنیای ئەدەبیی کوردیت، بەتایبەت لە بواری ڕەخنەدا، بەڵام خۆت دەزانیت هەموو کارێک سەرەتای هەیەو لەیەکەم هەنگاوەوە دەستپێدەکات، دەکرێت پێمانبڵێیت، سەرەتای ئاشنا بوونی تۆ بە کتێبو خوێندنەوە چۆن دەستیپێکرد؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** کاتێک چوومە قۆناغی ناوەندی لەشاری کەرکوک، دەستم کرد بەخوێندنەوەی کتێب بەزمانی عەرەبیو کوردی، هەرچەند من لە ژیانی قوتابخانەمدا بەکوردی نەمخوێندبوو، بەڵام لەڕێگەی کتێبەکانی ( محەمەد ئەمین عەسری) یەوە، بەباشی فێری زمانی کوردی بووم، هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی تووشی کۆمەڵێک مامۆستای ئەدیبو ئەدەبدۆست بووم، کە بەڕاستی زۆر یارمەتییاندامو هاوکارییان کردم بۆ خوێندنەوە، وەک خوا لێخۆشبووان ( لەتیف حامیدو ئەحمەد وەهبی) لەگەڵ (سەدرەدین عارف)، کە خۆشبەختانە تاکو ئێستاش لەژیاندا ماوە، هەروەها مامۆستایەکی ترم هەبوو ناوی (عەبدین رەشید) بوو، ئەو خوێنەرێکی باشبوو، کتێبخانەیەکی گەورەیشی هەبوو، خاوەنی کۆمەڵێک کتێبو نووسینیشە، هەموو ئەم ناوانە کە باسمکردن، دۆستایەتی منیان دەکرد نەک مامۆستایەتیی، لەقوتابخانەکەمان کتێبخانەیەکی باشی لێبوو، لەشوێنێکی لاچەپەکدا بوو، هێشتا دەستی حکومەتی نەگەیشتبوویێ، کۆمەڵێک کتێبو بڵاوکراوەی کوردی تێدا بوو، لەبوارەکانی مێژوو، فکرو ئەدەبدا، ڕۆژی واهەبوو من نەدەچوومە پۆلەوە، دەچوومە کتێبخانەکەو کتێبم دەخوێندەوە، مامۆستاکانیش دەیانزانی لە کتێبخانەکەم، غیابیان نەدەدامو ئازادیان کردبووم، لێرەوە وردە وردە تێکەڵی نێو ئەدەبییات بووم، بیرم دێت کە دارشتنم دەنووسی، مامۆستاکەمان بەهەموو پۆلەکاندا دەیگێڕاو بۆ قوتابییەکانی دەخوێندەوە، ئەمە پلەو پایەیەکی لەناو قوتابییەکانی چواردەورم دروست کرد بۆ منو ڕێزێکی تایبەتیم لێدەگیرا، پاشان لەگەڵ دوو برادەری دیکەمدا، ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیریمان دامەزراند لەکەرکوک، لەو ڕێکخراوەدا دوو ئیشمان هەبوو، یەکەمیان ئەوە بوو کە بەپەلە فەرهەنگێکی زمانەوانیی کوردی دروستبکەین، بۆ ئەوەی برادەرەکانمان فێری نووسینو خوێندنەوەی کوردی ببن، ئەرکی دووەمیشمان دروستکردنی کتێبخانەیەکی کوردی بوو، من ئەوکاتە مانگی جارێک دەچوومە شاری سلێمانی هەر جارەو کۆمەڵێک کتێبی ئەدەبییو مێژوویيو زمانەوانییو گۆڤارو بڵاوکراوەی کوردیو دیوانە کلاسیکەکانم دەکڕیو لەگەڵ خۆمدا دەمبردەوە بۆ کەرکوک، من خۆم سکرتێری ڕێکخراوەکە بوومو کتێبخانەکەشمان هەر لەماڵی ئێمەدا بوو، ئیتر بەو هۆیەوە ماڵمان بوو بە فێرگەیەکی بەرچاو بۆ فێربوونی زمانی کوردیو خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبیی.

**ئاینده: بەم پاشخانە باشەوە یەکەم هەوڵی نووسینت چۆنو چیی بوو؟**

**زاهیر ڕۆژبەیانی:** ساڵی ١٩٧٢ یەکەم نووسینم لە گۆڤاری ( خەباتی قوتابیان) بڵاوکردەوە کە بابەتێکی مێژوویی بوو لەسەر شاری کەرکوک، ئەو کاتە کە یەکەم نووسینم بڵاوکردەوە، تەمەنم تەنها بیستو دوو ساڵ بوو، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی پلەو پایەیەکی تایبەتم لەناو قوتابیانی شاری کەرکوکدا بۆ دروستببوو، لەیەکەم کۆنگرەی قوتابیاندا بەبێ ئەوەی حزبیش بم دەنگی زۆرینەی قوتابیانم بەدەستهێناو بوومە سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی کوتابیانی قوردستان، ئەو کاتە هەستم بەوە کردبوو کە شارەکەمان لەبەردەم هەڕەشەی تەعریبو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییدایە، بۆیە وتاری سیاسییم بڵاودەکردەوە، بەڵام لەناخی خۆمدا هەستمدەکرد کە ئەدەب بواری منە نەک سیاسەت، بۆیە دەستمکرد بەخوێندنەوەی بابەتی ئەدەبییو ڕۆمانو چیرۆک، پاش خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەدەبیی لە نهێنی نووسینی ڕۆمان گەیشتم، ئەوکاتە بیرم دێت ڕۆمانێکم نووسی کە بە جورئەتەوە باسی

ژنو ئاینو سیاسەتم کردبوو، کاتێک کە تەواوم کرد و خوێندمەوە، هەستمکرد بۆنو بەرامەی ڕۆمانی نییەو جارێ زووە بۆ نووسینی شتی گەورە، ئەو نووسینەم دڕاندو دواتر دەستمکرد بەخوێندنەوەی کتێبی تیۆرییو ڕەخنەیی لەبواری چیرۆکو ڕۆمانەوە بۆ ئەوەی فێری ئەوە ببم چیرۆکو ڕۆمان بنووسم، بەڵام فێری ڕەخنەی چیرۆکو ڕۆمان بووم فێری نووسینی چیرۆکو ڕۆمان نەبووم، ئیتر لەوە بەدوا نەچیرۆکم نووسیو نەهەوڵیی ڕۆمانیشمدا، بەڵام لەڕووی سەنعەتسازییو تەکنیکەوە هەم کتێبخانەیەکی باشم کۆکردۆتەوە هەم زەمینەیەکی باشیشم هەیە بۆ ئەوەی بتوانم قسە لەسەر دەق بکەم، لەو بارەشەوە لەساڵی ١٩٨٤ هەتاکو ساڵی ١٩٩٧ کتێبێکم لەسەر چیرۆکی هونەریی کوردی نووسیوە، هاوکات کۆمەڵێک بابەتی دیکەشم لەسەر شیعر نووسیوە بەتایبەت لەسەر کێشی شیعرو لاوکو حەیران کە کراون بەکتێب بەناوی (شیعریەت لەدەرەوەی شیعر)، ئێستاش کتێبێکی تازەم بەدەستەوەیە بەناوی ( کارو باری ڕۆمان)، لەو کتێبەدا باسی ڕۆمان دەکەم وەک ڕەگەزێکی ئەدەبیی ئینسانیی نەک کوردی، سێ جۆر تێکستم تێدا باسکردووە، تێکستێک کە لەبارەی کوردەوە نووسراون، کۆمەڵێک دەقیش کە نزیکن لەکێشەی کـــوردەوە، لەگەڵ هەندێک دەقی کوردی کە نووسەرەکانیان کوردن.

**ئایندە: بەگوتەی خۆت لە قۆناغی گەنجێتیدا بەر کتێب کەوتیتو چوویتە ناو دنیای خوێندنەوە، بۆ ئەو قۆناغەی تۆ وەک گەنجێک کتێب چ گرنگییەکی هەبوو، ئایا توانی ئاڕاستەی بیرکردنەوەت بگۆڕێت، یاخود بەبەرنامە دەستتکرد بەخوێندنەوە؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** لێتناشارمەوە من بەبێ بەرنامە خوێندمەوە، لەسەرەتادا جوگرافیاو مێژوو و ئاینو ئەدەبم بەیەکەوە خوێندەوە، ئەمەش وایکرد زەمینەیەکی ڕۆشنبیری بەرفراوانم هەبێت، ئەگەر ڕێگەی یەکجۆر خوێندنەوەم بگرتایەتەبەر ڕەنگە ڕێگەکە زۆر کورتتر ببوایەتەوە، لە قۆناغی دووەمــی خوێندنەوەمدا هەستمکرد ئەمەی من دەیکەم کارێکی هەڵەیەو بیرمکردەوە خۆم تەرخانبکەم بۆ یەک بابەتو شارەزاییی لەو بابەتەدا پەیدا بکەم سەرکەوتووتر دەبم، سەرباری ئەوەی بێبەرنامەییەکەش زۆر یارمەتیدامو زۆر شتی فێر کردمو ڕۆشنبیرییەکی فراوانم پەیدا کرد، ئەڵبەت بۆ خوێنەر یەک شتیش زۆر گرنگە ئەویش بوونی زاکیرەیە، چونکە خوێنەر بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بێتو لە زاکیرەیدا نەمێنێتەوە سوودێکی ئەوتۆی نابێت خوێندنەوەکەی، من لەو نێوەندەداو بەو تەمەنەوە بەهۆی ئەو ڕۆشنبیرییە گشتیو فراوانەوە کە لەڕێگەی خوێندنەوەی جۆراو جۆرەوە بەدەستم هێنابوو هەلی کاری سیاسیو کاری ڕێکخراوەییشم بۆ هەڵکەوت، کە تێیدا بوومە بەرپرسی سیاسی هێزی کەرکوک بۆ ئەو کاتەی منو هەلومەرجەکە ئەو پۆستە زۆر گرنگو کاریگەر بوو تەنها بەکەسانی ڕۆشنبیرو خوێنەرو زیرەک دەدرا.

**ئایندە: ئەو ئیمتیازاتانەی تۆ باسیان دەکەیت چ پەیوەندییەکیان بە پرۆسەی خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردنەوە هەیە، ئایا تۆ دەتەوێت بڵێیت لەڕێگەی مەعریفەی ناو کتێبەوە گەشتیتە ئەو ئاستەی چەندین پۆستو ئیمتیازات وەربگریت؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** بەڵێ هەر وایە، ئەمانەم بۆیە باسکرد بۆ ئەوەی پێت بڵێم کتێبو خوێندنەوە چۆن ئاستی منیان بردە سەرەوە، ئەو پۆستو ئیمتیازاتانە بۆ ئەوکاتەی من زۆر گەورە بوون، بەڵام تۆ سەیرکە من لەو کاتانەشدا کە پۆستی سیاسییم هەبوو هەستم دەکرد بۆ ئەدەب خولقاوم نەک سیاسەت، تەنانەت لەکاتی پێشمەرگایەتیدا هەمیشە جانتایەکم بەکۆڵەوە بوو دەگمەنترین کتێبەکانی ئەو سەردەمو قۆناغەی تێدا بوو، من لەهەموو حاڵەتەکاندا چ لە پێشمەرگایەتیدا چ لە ڕێکخستنەکانی ناوشارو کاری ڕێکخراوەییو تەنانەت لە زیندانیشدا، هەلی باشم

دەدۆزییەوە بۆ خوێندنەوەو نەمدەهێشت یەک لەحزە لە کتێب داببڕێم، لەکاتی گەشتەکانی پێشمەرگایەتیدا بۆ ناوچەکانی کوردستانو سنورەکانی ئێرانو گوندەکان، جگە لە خوێندنەوە هەمیشە سەرنجم لەسەر بابەتە فۆلکلۆریو کولتوورییەکانی کورد بوو، بۆیە بەردەوام هەستم کردووە جیهانی من جیهانی ناوکتێبو ئەدەبە.

**ئایندە: لەگەڵ ئەوەی بەردەوام دەخوێنیتەوە کەمیش دەنووسیت ئەم حاڵەتە بۆ وایە، ئایا دەنووسیت، بەڵام بڵاویان ناکەیتەوە؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** وەک وتم فرسەتی خوێندنەوەم زۆر زۆرە تا ئێستاش من هیچ ناکەم تەنها دەخوێنمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم دەنووسم لەگەڵ ئەو کەم نووسینەشدا زۆر کەمیان بڵاو دەکەمەوە، هەمیشە پێموایە ئەگەر من لەدەقێک تێنەگەمو قودرەتم نەشکێتەوە بەسەریدا، ئەوا کەموکورییەکە لەمندایە نەک لە داهێنەرەکە یان دەقەکە، ئەم بۆ چوونەشم کاریگەری ڕەخنەگرێکی فەرەنسییە لەسەرم کە لەپێشەکی ڕۆمانێکدا کە بۆ ڕۆماننووسێکی نووسیوە دەڵێت: لە دەقی ئەم ڕۆمانە تێناگەم، بەڵام نووسەرەکەی تاوانبار ناکەم بەو تێنەگەیشتنەی خۆم بەڵکو گومان لەخۆم دەکەم. من لەسەر بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرە بەردەوام گومانم لەتوانای خۆم هەیە، ئەگەر لە دەقێک تێنەگەم هەوڵدەدەم چەندینجاری تر بیخوێنمەوە، ئەگەریش هەر توانام بەسەریدا نەشکێتەوە ئەوا بەکەرەستەکانی ڕۆشنبیری خۆمدا دەچمەوە، چونکە هەموو دەقێک پەیامێکی پێیە هەر چۆنێک بێ دەبێت بگاتە شوێنی خۆی.

**ئایندە: سەرەتا تۆ بە خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردی دەستت پێکرد، واتە ڕۆشنبیریو مەعریفەی تۆ لەناو کولتووری ئەدەبی خۆماڵیدا بوو، ئەی کاتێک دەستت بە کتێبو دەقە جیهانییەکان گەشتو بەر کولتوورو ڕۆشنبیری بیانی کەوتیت، بەتایبەت ئەو سەردەمەی ئەدەبی کلاسیکی ڕووسی لە بەرەودا بوو، چ هەستێکی بەراوردکاریت لەلا دروستبوو لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی کوردیدا؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** بۆ ئەوەی ڕێگەکەت بۆ کورتبکەمەوە، ئەمەویٚ ئەوەت پێبڵێم کە من هەر زوو ئەدەبی ڕووسیو ئینگلیزیو فەرەنسیم ناسی، بەتایبەت ئەو کتێبانەی کە وەردەگێڕدران بۆ عەرەبی، زۆرجار ئەو کتێبانەم بەدەست نووسیوەتەوە لەبەر نەبوونی ئامێری کۆپیکردن، ئێستاش هەندێک کتێبی ئەو سەردەمەم لەلا ماوە کە بە دەست نووسیومەتەوە سێ سەد تا چوار سەد لاپەڕە دەبێت، ئەو هەستی جیاوازییەی تۆ باسی دەکەیت لەو کاتەدا ئەوە بوو هەستم دەکرد ڕۆشنبیریو ئەدەبی کورد زۆر دواکەوتووە بە هۆی سیاسەتی ڕژێمە سەرکوتکەرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا وابیرم دەکردەوە کە ڕۆشنبیرو نووسەری کورد پێویست ناکات ئەدەبی ئەوروپیو جیهانی دووبارە بکاتەوە، بەڵکو پێموابوو پێویستە کورد لە ترۆپکەوە دەست پێبکاتەوە، ئێمە لە ئێستادا پێویست ناکات وەک مەکسیم گۆرکیو دیستۆفیسکی چیرۆکو ڕۆمان بنووسین.

من ئێستا زۆر بەپەرۆشی ئەدەبو نووسینی گەنجانەوەم، ئێستا نەوەیەک دروستبووە بە حوکمی زانینی زمانو پێشکەوتنو پەرەسەندنی ئەقڵی سەردەمو تەکنەلۆجیاوە ڕاستەوخۆ دەگەنە سەرچاوەکانی مەعریفەی نوێ لە دنیادا، من پێموایە ئەم نەوە تازەیە زۆر لەنەوەی ئێمەو پێشتری ئێمەش باشتر گەشە بکەن، من بەحوکمی ئەوەی زۆر ناوچەو شوێنی جیاجیا گەڕاوم کۆمەڵێک زمان شارەزا بووەمو توانیومە بەچەندین شێوەزاری جیاوازی کوردی قسە بکەمو بخوێنمەوە، بەتایبەت سەردەمانێک کە دیوانە شیعرییەکانی نالیو مەحویو مەولەویو ئەوانی دیکە بڵاوبوونەوە، تێگەیشتن لە شێوە زمانیان تا ئەندازەیەک زەحمەت بوو، تا ئەو کاتەی چاپەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسو مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بڵاو بوونەوە،

بەڵام من بەهۆی گەڕانەکانمو شارەزابوونم لە شێوەزارەکان توانیم ئەو موفرەداتو وشانەیان تێبگەم، بێینەوە سەر پرسیارەکەی تۆ، من ئێستاش لەڕووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە هەست بە کەموکوڕیی ئەدەبیی کوردی دەکەم بەرامبەر بە ئەدەبیاتی زیندووی دنیا، ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، پێموایە تاکو ئێستاش دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئێمە نەکەوتوونەتە سەرڕێی خۆیان، پێموایە لەبەدواداچوونی کاروبارەکانی زانکۆکانی کوردستاندا تێدەگەین ئێمە هێشتا لەپاشکۆی ئەدەبیی جیهانیدا کار دەکەین، ئێستاش ئەدەبیی کوردی لە زانکۆکاندا لەسەر ئاستی شیعری کلاسیکی کار دەکەن، تازە دانە بە دانە چەند ئەزمونێک پەیدا بووە کە دکتۆراو تێزی دکتۆراو ماستەر لەسەر شاعیرێکو چیرۆکنووسێکی زیندوو وەردەگیرێت، من ئەمە وەک دەستکەوتێکی باش تێیدەڕوانم، هەر چەند ئەمە لەسەر ئاستێکی زۆر کەمە، بەڵام دەبێت هەوڵبدەینو فراوانی بکەین.

**نایندە: شیعر فراوانترین پانتایی لەڕۆشنبیریو کولتووری ئێمەی داگیر کردووە، لەکلاسیکەوە تاوەکو ئێستا شیعر باڵا دەستترین ژانری ئەدەبیو بزوێنەری ڕۆشنبیریمان بووە، بەم پێیە دەبوایە لە ئێستادا شیعری تازە لە ئاستێکی باڵادا بوایە، بەڵام هەستناکەیت هێشتا نەخشەی شیعریمان پڕ لە گرفتو ئیشکالیەتە؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** شیعری کلاسیکی کوردی دوو دەربەندو تەنگەبەری بڕیوە، یەکیان ئەوەیە ئەو کاتەی نالیو سالمو کوردی هاتنو دابڕانێکیان لەشێوەزاری گۆران دروستکردو دەستیانکرد بەنووسینی شیعر بەزمانی سۆرانی، جا ئەگەر شیعرو دەق بریتی بێت لە زمان و ئیشکردن بێت لەسەر زمان، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زمانی نالیو مەحویو مەولەوی بە کەڵکی زمانی شیعری شاعیرانی ئەم سەردەمە نایەن، چونکە ئاخر ئەوانیش زۆر لەژێر کاریگەری زمانو شیعری تورکیو فارسیدا بوون کە ئێستا بە پێویستی نازانم بەڵگەی واقیعییان بۆ بێنمەوە، ئەمە بەردەوام بوو هەتا پەیدا بوونی ( گۆرانو شێخ نووری شێخ ساڵەح) ئەو قۆناغەش لەوێدا مایەوەو کەرتی تێکەوت، بۆیە من پێموایە ئێستا شاعیری کورد سوود لەو زمانە شیعرییو سوورەتانە ببینێت، چونکە سوورەتی ئەوان سوورەتێکی فەلاحیینو باسی گوڵو گیاو ئاو و چیاو ئاژەڵانی ئەو سەردەمە دەکات، بۆیە شاعیرانی ئێستا ناتوانن سوود لەو توراسە ببینن مەگەر لە گۆشە نیگایەکی زۆر بەر تەسکدا کە من پێموایە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە.

**نایندە: دێمە سەر بابەتی چیرۆکو ڕۆمانی کوردی، پێشتر وتمان کە شیعر لە ڕابردووی ڕۆشنبیری ئێمەدا ژانرێکی باڵا دەستبووە، بەڵام چیرۆکی هونەرییو ڕۆمان مێژوویەکی تازەتریان هەیە، تۆ پێتوایە چیرۆکو ڕۆمانی نەوەی حەفتاکانو دواتر خەزنەیەکی دەوڵەمەندیان بۆ نەوەی نوێ جێهێشتبێت لە چیرۆکو ڕۆماندا، یاخود بەگشتی تێڕوانینی تۆ وەک ڕەخنەکارێک چییە لەسەر چیرۆکو ڕۆمانی نەوەی پێشوو؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** سەرباری هەندێک قۆناغی دابڕان، بەڵام هێشتا مێژووی شیعری کوردی زۆر دێرینترە، بەڵام لەئەدەبیی کوردیدا چیرۆکو ڕۆمان مێژوویەکی کورتیان هەیە، دیارە من مەبەستم لە چیرۆکی هونەرییە ئەگینا کوردیش وەک هەر میللەتێکی تر مێژووی چیرۆکی بەرگوێ ئاگردانی کۆنە، من پێموایە هەتا ناوەڕاستی شەستەکانیش ئەگەر چیرۆکی هونەریی هەبوویێت، تاکو تەرا بووە، هی ( سەدرەدین عارف، کاکە مەم بۆتانی، ئەحمەد شاکەلی) ئەمانە خاوەنی مێژوون لە چیرۆکدا، بەڵام وەک چیرۆکی هونەریی بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕێکەوتنی یانزەی ئازار، کە بووە هۆی زۆربوونی چاپەمەنی کوردی، خەڵکیش بەتایبەت لەڕێگەی ئەدەبیی عەرەبییەوە تەنها شارەزاییان لەڕووی تێکستەوە پەیدا کرد، بەڵام لەڕووی

تیۆرییەوە هیچ شارەزاییەکیان پەیدا نەکرد، بەگشتی چیرۆکو ڕۆمان دوو ژانری شارستانیترن لە شیعر، چونکە شیعر پەیوەندی بە ئیقاعەوە هەیە مێژووەکەی کۆنتر دەگەڕێتەوە تەنانەت ئەوکاتەی وشە زۆر ڕوون نەبووەو خەزێنی قامووسی کوردیش زۆر نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئیقاعی هەبووەو لەگەڵ سەماو کارکردندا پێویستبوون ئەگەر بەدەنگیش بووبێت شیعر وتراوە، بەڵام چیرۆک پێویستی بە پرۆسەیەکی شارستانیو تێگەیشتنو فێربوونو خوێندنەوەو تێکەڵبوونی شارستانیەتەکان هەبووە، ئێمە هەموویمان پێکەوە ئیستهلال کردووە، چیرۆکو ڕۆمانو ڕەخنەی چیرۆکو ڕەخنەی ڕۆمان، بەنیسبەت ڕۆمانەوە تازە لەسەرەتاداین، لە کتێبخانەکەی مندا باوەڕ ناکەم سەدو پەنجا ڕۆمانی کوردی بەهەر چوار پارچەکەوە تێدا بێت، بەوانەشەوە کە من باوەڕ ناکەم ڕۆمانیش بن تەنها خاوەنەکانی پێی وایە ڕۆمانە، ئاخر سەدو پەنجا ڕۆمان بۆ میللەتێکی زیاتر لە سی ملیۆن کەسی زۆر زۆر کەمە.

**ئایندە: ببوورە پرسیارەکەی من ئەوە بوو ئایا بەرهەمەکانی نەوەی پێشوو بوونە خەزنەیەکی مەعریفیو دەوڵەمەند بۆ نەوەی تازەی چیرۆک؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** من پێموانییە بووبێت بەخەزنەیەکی باش، چونکە هەموو نەوەیەکی تازە لە میللەتە زیندووەکاندا کە کوردیش یەکێکە لەو میللەتانە دان بەڕابردووی نزیکو دووری خۆیدا نانێت، واتە چیرۆکنووسێکی ئەمڕۆی کورد ناگەڕێتەوە بۆ ( حسێن عارفو سەدرەدین عارفو لەتیف حامید) .

**ئایندە: گرفتو هۆکاری نەگەڕانەوەیان چییە، ئایا پەیوەندی بە گرفتی خودی تێکستەکانی ڕابردووەوە هەیە یان بێباکییو یاخیبوونی نەوەی تازە؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** گرفتەکە دوو هۆی هەیە، یەکێکیان سایکۆلۆجییەو خەڵک نایەوێت لە ژێر سێبەری کەسێکی دیکەدا بژیو داهێنان بکات، چونکە شیعری کوردی ئەگەر هەمووی وەکو ( گۆران) بێت کەس باسی نەوەی تازەی شیعر ناکات، ڕاستەو خۆ باسی خودی گۆران دەکات نەک ئەوانەی لاسایی گۆرانیان کردۆتەوە، لەچیرۆکیشدا هەر وایە من پێموایە گەنجەکان پێیان ستەمە بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوو، سوود لەکەلەپووری نەوەی پێش خۆیان وەربگرن، هۆکاری دووەمیش پەیوەندی بە پێشکەوتنی خێراو لەڕادە بەدەری تەکنەلۆجیاوە هەیە، چونکە بوونی تەکنەلۆجیا وایکردووە نووسەری کورد خێرا بگاتە سەر ئەو سەرچاوانەی مەبەستیەتی بەبێ ئەوەی کەسێک لەنێویاندا هەبێتو ئەو ڕێگەیەیان نیشانبدات، زۆربوونی ڕێژەی خوێنەواری زانکۆیش هۆکارێکی دیکەیە کە دەبێتە هۆی فێربوونی زمانی دیکە بۆ خوێندکارانو نەوەی تازە بەتایبەتی ئینگلیزیو عەرەبیو فارسی، کە سێ سەرچاوەی گرنگی مەعریفین بۆ مرۆڤی کورد، ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە بواری فکریو مەعریفیو تیۆریدا ڕوویاندا دوو سەرچاوەی ڕوونیان دیارە، یەکێکیان ڕۆشنبیری عەرەبی نەک تەقلیدیەکەی بەڵکو هیی لوبنانو سوودانو باکووری ئەفریقا دەست ئێمەو مانان دەکەوت، هەندێکیشی لەڕێگەی پرۆسەی وەرگێڕانەوە بەتایبەت کە لە وڵاتی ئێران زۆر زیندووە ئەمانە وەک سەرچاوە زوو دەگەیشتنە کوردستان، من بۆ خۆم لە شاری کەرکوک زوو دەستم دەگەیشت بەو کتێبانەی لەفەڕەنسا دەردەچوونو دەکران بەعەرەبی بەتایبەت لەڕێگەی ( فازیل سامر) کە لەسەر حیسابی خۆی ئەو کتێبانەی کۆپی دەکردوو بۆی دەناردم.

**ئایندە: یەکێک لە ڕەخنەکانی نەوەی نوێی چیرۆک لەوانەی پێش خۆیان ئەوەیە کە نەیانتوانیوە تەکنیکێکی بەرز وەک میرات بەجێبێڵن بۆیان، زۆر جاریش نەوەی پێشوو ڕەخنە لە چیرۆکنووسی تازە دەگرن بەوەی تەکنیکیان شێواندووە، ئەگەر بکرێت باسێکی ڕەهەندە جیاوازەکانی نێوان بەرکەوتنی ڕەخنەی ئەم دوو نەوەیەمان بۆ بکەیت؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** جیاوازیو هۆکارەکەی زۆر ڕوونو ئاشکرایە، ئەگەر ڕاستت دەوێت ئێمە هەتا ڕاپەڕینو ساتەوەختی پێش ڕووخانی ڕژێمیش ئەدەبیی کوردی ئەدەبییکی مقاوەمە بووە.

**ئاینده: چۆن وایە، دوای ڕاپەڕین ئێمە بووینە خاوەنی ئەدەبییکی تەواو زاتیو دەستبەرداری خەمە گشتیەکانی کۆمەڵگەو ئایدۆلۆجیا بووین، دیارە تۆ ئاگات لەو قۆناغە نییە؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** نا.. کە دەڵێم ئەدەبیی بەرگری مەبەستم ئەوەیە ئەدەبیی بابەت بوو بابەتی سیاسی کاڵو کرچیش بەرگریکردن لەهەندێک بابەت کە چیرۆکنووسی ئێستا ناچار نییە ئەوە بکات، بەرهەمەکانی (ڕەوف بێگەردو ڕەوف حەسەنو حسێن عارفو ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلو عەبدوڵڵا سەراجو جەلیل کاکە وەیس) هەموو ئەمانە قورسایی دەقیان خستۆتە سەر بابەتەکە، کە ئەمانەش بۆ دژایەتی کردنی بەعەرەب کردن بووە لە ڕاستیدا، بەڵام گەنجی ئێستا پێویستی بەو بابەتە نەماوە، چونکە ئەو بابەتە گۆڕاوە، بۆیە چیرۆکنووسەکانی نەوەی پێشوو ئێستا وەستاون، چونکە ئەو بابەتەی جاران بازاڕی گەرمبوو ئێستا بازاڕی گەرم نییە، گەنج ئێستا وەک تاک بیر دەکاتەوەو بابەتی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام نووسەری پێشتر وەک بوونەوەرێک بەرگری لە کۆ دەکردو بەرژەوەندی گشتی خەفەی کردبوونو وایلێکردبوون لەسەر بابەتی هاندانو دروشمگەرایی بنووسن، هەر ئەوکاتانەش بەهۆی بوونی سانسۆرەوە لەسەر بابەتەکان، وایکردبوو زۆربەی چیرۆکی کوردی بە مەنەلۆج قسەیان دەکرد، مەنەلۆج وایلێهات بوو بە سیمای سەرەکی چیرۆکی کوردی لەو قۆناغەدا، بەڵام ئێستا نە ئەو پاڵەوانو قارەمانە پێویستە بە مەنەلۆج قسە بکات، نە ئەو نووسەرەش ماوە بەرگری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی کۆمەڵگە بکات، ئێستا نووسەر وەک مرۆڤێکی تاک خۆی لەو گشت قورساییە ڕزگار بکات کە بەرژەوەندی باڵا خستویەتیە سەری، من پێموایە لە ئێستادا کارەکتەری چیرۆکی کوردی بە دەنگی بەرز بەناوی خۆیەوەو بۆ خودی خۆی قسە دەکات.

تۆ پێشتر پرسیارت لە تەکنیک کرد، ئەو تەکنیکەی نەوەی پێشوو پێیان نووسی تەکنیکێک بوو بۆ خۆ دواندنو قسە کردن لە ناوەوە، لەبەر ئەوە من پێم ناخۆشە نەوەی تازە بگەڕێتەوە بۆ تەکنیکی نەوەی کۆن، تەنانەت جارێکیان لەگەڵ کاک ( حسێن عارف) مناقەشەیەکمان بوو، ئەو پێیوابوو دەبێت چیرۆکنووسی نوێ بگەڕێنەوە بۆ تێکستە کۆنەکان، من پێموت هیچ پێویست ناکات نەوەی تازە بگەڕێنەوە بۆ لای ئێوەو پێموت تۆ کاتێک دەستت کرد بە چیرۆکنووسین، چیرۆکەکانی ( عەلائەدین سەجادیو محەڕەم محەمەد ئەمین)ت دەخوێندەوە؟ ئەگەر خوێندوتنەوە ئیشت بە تەکنیکی ئەوان دەکرد؟.

**ئاینده: زۆر باشە تا ئەندازەیەک بۆ چوونی تۆ لەسەر بەرهەمی نەوەی نوێ ڕوونە، بەڵام پێمان بڵێ ڕات چییە لەسەر ئەو برە چیرۆکو ڕۆمانەی لەلایەن نەوەی نوێوە بەرهەم هاتوون؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** دەقەکانی ( بەختیار عەلیو عەتای نەهاییو کاروان کاکە سوور)و چەند دەقێکی تری ئەم نەوە تازەم خوێندۆتەوە، هەستدەکەم زۆر لەپێشترن لەچاو دەقە کۆنەکاندا، هەندێکیشیان بەبێ زەمینەو هەر بەکۆششی تاکە کەسی خۆیان ئەو پلەو پایەیان بەدەست هێناوە، عەتا نەهاییو بەختیار عەلی لە ڕۆماننووسی سەرەتایی دەرچوون و لەقۆناغێکی باڵاتردان، کاروان کاکە سووریش من وەک داهێنەرێکی گەورە دەبینم جگە لە بەرهەمەکانی خۆی زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیم بینیوە، هەست دەکەم ڕۆشنبیرێکی زۆر جدییەو ئاگاداری ئاستی مەعریفیو ڕۆشنبیری جیهانیشە، کەسێک خاوەنی باگراوندێکی ڕۆشنبیری بەم شێوەیە بێت ئەگەر بۆ نووسینەکانی خۆشی سوودی لێنەبینێ لانی

کەم ئەو هەڵانە نەکات کە نەوەی پێش خۆی کردوونی، ئەگەر تەماشای ئەو چەند ڕۆمانە بکەین کە نەوەی پێشوو نوسیویانە تێدەگەین هەر بە هەناسەی کورتە چیرۆک نووسیویانەو نمونەشمان زۆرن لەو بابەتە، کە خوێنیتەوە هەست دەکەین کورتە چیرۆکێکی بەزۆر درێژکراوەی سەقەت دەخوێنیتەوە، جگە لەوەش نەیتوانیوە ڕۆمانەکەی بخاتە سەر بابەتی ڕۆژ، ئاخر لە ئێستادا کەس ناتوانێت بە (ئەی ڕەقیب) من بخاتە ئەو دەشتە و شەڕم پێبکات، من ئێستا شەڕی جیاوازترم هەیەو بە ئسلوبی جیاوازتر شەڕی شارستانی خۆم دەکەم، ئەگەرچی من سەر بەنەوەی پێشووم ئەمەش قەناعەتمە، چجای ئەو گەنجەی کە نازانێت مانای سووتاندنی گوندێک چییە؟ پێویستیشی پێی نییە بزانێت و من ناحەقی ناگرم، بۆیە پێموایە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی هاوچەرخی کوردی پێویستە بابەتو شکڵی تایبەتو جیاوازی خۆی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرهەمانەی لەسەر دەستی نەوەی تازە نووسراون ئاستێکی بەرزیان هەیەو هەندێکیشیان لە ئاستی دەقە جیهانیەکاندان، ڕۆمانەکانی ( بەختیار عەلی) شتیان زۆر لەسەر نووسراوەو بەناڕەواش تاوانباریان کردووە.

**ئایندە: زۆر جار لەنێوەندی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا داهێنەرەکانمان تۆمەتبار دەکرێن بە دزی ئەدەبیی ناوزەدیان دەکەن، بەڕای تۆ ئەمە تاچەند ڕەخنەیەکی دروستە، ئایا ئەمانە ناچنە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەی کە بۆ شکاندنی داهێنەرانی ئێمە دەدرێن؟**

**زاهیر ڕۆژ بەیانی:** من کە لەسکی دایکم هاتمە دەرەوە مرۆڤێکی خام بووموو لە کەسانی دیکەوە فێری شت بووم، لەبەر ئەوە نابێت لۆمەی هیچ کەسێک بکرێت ئەگەر سوود لە ئەزموونی کەسێکی دیکە وەربگرێت، ئەمە جگە لە بوونی (دەقئاوێزانو تەناس) کە تەنزیراتیان بۆ کراوە، لە ئەدەبیی فەرەنسیدا ئەم جۆرە ڕەخنەو تۆمەتانە بوونەتە عەیبە، لەویَ نووسەرانێک هەن تێکستەکانی ڕابردوو کۆدەکەنەوەو بەشێوەیەکی دیکە مۆنتاجی دەکەنەوەو بە ناوی خۆیەوە بڵاوی دەکاتەوە، کەسیش جورئەت ناکات بڵێت دزی ئەدەبیی، من پێموایە تاکو ئێستاش مرۆڤی کورد لە پەیوەندییەکانو دەربڕینەکانیدا زۆر توندە، تەماشای کۆڕە ئەدەبییەکان بکە ئەو کەسەی هەڵدەستێت قسە بکات دەیەوێت بریندارت بکاتو بەهەڵچوونەوە پێت دەڵێت ئەوەی تۆ نووسیوتە هیچ نییە، من ئەمە بە ڕەخنەی ئەدەبیی نابینمەوە، بەڵکو نەخۆشی دەروونییە، بۆیە من پێموایە ئەوانەی لەناو ئەدەبیی کوردیدا بەم شێوە قسە دەکەنو داهێنەران تۆمەتبار دەکەن، پێش هەموو شتێک بیر لەوە دەکەنەوە کە ڕێگەیەکی کورت بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە خێراترین کات خۆیان وەک نووسەرێکی گەورە ببیننەوە دەچن خۆیان بە نووسەرێکی داهێنەرو خاوەن ئەزموونندا هەڵدەواسن، ئێمە لە ئەدەبیاتی ئەوروپیدا زۆر بابەت دەبینینەوە لەیەکدەچن، بۆیە کاتێک ئەو تۆمەتو بوختانانە دەبینم کە ئاڕاستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە ناو و ناوبانگێکیان لەئەدەبیی کوردیدا هەیە، هەست بە زوڵمێکی گەورە دەکەم لە داهێنەرەکانمان، پێشموایە زۆریش زووە بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان بەراورد بکرێت لەگەڵ بەرهەمی ئەدیبێکی ئەوروپیدا.